No:3959
Thursday 4/5/2006
dwalapara@yahoo.com

کوردستانی نوێ
KURDISTANÎ NWÊ

شەمەی شێنێ

*ب.ك پێشمەرگە بوو لەمەکتەب عەسکەری، خۆی کوڕی گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی بوو، حەوزێکی گەورە هەبوو لەگوندی مێولاکە دوو مراوی لەناو حەوزە ئاوەکە دەبن، سەری خۆیان نقوم دەکەن و لەناو ئاوەکەدا دەگەڕێن، مەلا سدیق خەڵکی کلێسەی دەم زێی دەشتی کۆیە بوو، پێشمەرگە بوو هەر لەوێ، مەلا سدیق هاوار لە ب.ك دەکات و دەڵێت: کوڕە فریاکەوە ئەو مراویانە دەخنکێن!! ب.ك بەپەلە چەکەکەی فرێ دەدات و بەتاقم و فیشەك و جلوبەرگەوە خۆی فرێ دەداتە ناو حەوزە ئاوەکە بەپەلە دەریاندەهێنێت، بەخۆشی و سەرکەوتنەوە دەڵێت: چا نەبوو نەمهێشت بخنکێن!! ئەو روداوە پێکەنین و بەزمی نایەوە، مامە جەمال ئاغاو پێشمەرگەکانی خەڵکی سلێمانی بەگژ ب.ك-دا دەچن کەچۆن کلاو چۆتە سەر خەڵکی سلێمانی، تەنانەت براکەشی پێی دەوت: چۆن حەیات بردین ئاخر مراوی یەعنی ئاوی!!

*دوو پێشمەرگەی تیپی 21ی کەرکوك لەمزگەوت لەگەڵ خەڵکەکە نوێژ دەکەن، لەکاتی نوێژدا تراکتۆرێك گەڕەی دێت، خەڵکەکە شپرزە دەبن و ورتەورت پەیدا دەبێت وادەزانن هەلیکۆپتەرە، یەك لەپێشمەرگەکان دەزانێت مەکینەی تراکتۆرە بۆئەوەی نوێژەکە تێك نەچێت، لەنوێژەکەدا لە(سمع الله لمن حمده)دا دەبێت، بۆیە پێشمەرگەکە دەڵێت: سمع الله لمن تراکتۆرە!!

رەهبەر سەید برایم

هەمیشە لەناوماندایت
وەك پەپوولە شەکەت، قەڵەمێك بەهاژەو خوڕ

بەو جەستە باریك و بەو باڵا کورتەی مەرگەکەی لەسەد کێو قورستر بوو، کێ بۆی دەگری؟ بنەماڵەو دۆستان؟ قەڵەم، کاغەز، زیندان، مەیدان، شانەی حزبی، شاگردانی قوتابخانە ئینسانییەکەی، سلێمانی، کێ هەیە بۆی نەگری؟ لەوتارێکی مامۆستا سەلاحەدینی موهتەدی-یەوە، ژمارە (٣٦٦٣)ی ٢٠٠٥/٥/٥.

هەر بەقەولی مامۆستا سەلاحەدینی موهتەدی مەحمود ئەفەندییە خۆشەویستەکەی سلێمانی کەدڵە گەورەکەی بۆ هەموو کوردستانی گەورە لێیدەدا، کتوپڕ سووك و هاسان بەجێی هێشتین.

مامۆستا مەحمود لەخەمی نیشتمانی گەورەدا — سوید

نهێنییەك کەدەبوو ئاشکرای بکەیت!

هەمیشە بۆ کەسێك کەهەم شۆڕەسواری مەیدانانەو هەم سەرقافڵەی کاروانان بێ بەرەو خۆر، ئەستەمە بتوانی لەکۆمینتارێکدا لەخەبات و ماندووبوون، هەم لەمامۆستایی و پێشەنگی و هەم لەقەڵەم و هەم لەخەمی بدوێی.

مامۆستا مەحمودی مەلا عیززەت، کەهاوڕێی هەموو سەردەمەکان و پێشمەرگەی هەموو رۆژەکان بوو، بەگەورەیی ژیاو بەگەورەییش دەستی مەرگی گرت.

ئەو لەمامۆستایەتیدا هەر پێشمەرگە، لەخەبات، لەگەڵ قەڵەم و خەمی مێژوو نەتەوەشدا هەر پێشمەرگانە ژیاو مرد.

هێشتا دەڵێی چەند سەعاتێکە تێپەڕیوە، کە لەشەوێکی کارکردنی رۆژنامەی **کوردستانی نوێ**-داو لەوەڵامی پرسیارێکمدا دەربارەی کۆماری مهاباد وتی: ئەوانە نهێنییەکن و کاتمان ماوە بۆ راگەیاندنی، هەڵیدەگرین بۆ رۆژانێك کەئاسۆ تەواو روونبۆوە.

بەهێمنی عادەتەکەی خۆیەوە وتی: ئێستا زۆرێك لەبەڵگەنامەو دەستنووسە تایبەتەکانی تایبەت بەکۆمارەکەم لەستۆکهۆڵم لەبانکێکدا هەڵگرتووە، لەترسی فەوتان، چەندین کون و کەلەبەرم پێکردوون، بەڵام دەزانیت دوای مەرگی خۆم کوڕەکەشم ناتوانێت بەکاریان بهێنێت!

هەمیشە دەیوت: زۆر شتم ماوە بۆ وتن!

ئەو کەدەیویست مەرگ لێی بترسێت، نەك لەمەرگ بترسێت، وەها دەژیاو وەها لەرووبنپوونەوەی ئاسۆی دەروانی، مامۆستا دڵنیابوو خەمەکانی خۆی بەکۆڵی خۆویەتی و هەمیشە بەشوێن نەوتراوێکدا دەگەڕا بۆ وتن.

مامۆستا کە بەهەموو گەورەییەکانی خۆیەوە باوەشی بەخاکدا کرد، کاروانی بێ کۆتایی بۆ جێهشتین، ئەو کاروانەی بۆ هەمیشە ئەو هەر تیایدا پێشمەرگەیە، کاروانێك بۆ ئاسۆو دڵی گەورەی نیشتمانێك بەرێوەیە، کەخەمی مێژووەکەی ئەو لەرۆحی خۆیدا هەڵیگرتبوو.

سلاو لەیادی مامۆستایەك کە لەکاروانی بێ کۆتاییدا مامۆستاو هەمیشە پێشمەرگە بوو، سلاو لەمامۆستا مەحمودی مەلا عیززەت کە بۆ ناکۆتا هەر مامۆستاو لەکاروانەکەشیدا هەر پێشەنگە.

دوالاپەڕە

دوا ستوون

ماڵئاوا ئازاد خانەقینی ماڵئاوا بورهان عەجەم!

ئەو سپێدانە چەند جوانن کەرەنگەکان دەبنە سێبەری بولبولێ، تا چاوبرکات، چریکەی بگاتە هەورەکان و بارانێ دابکات هەرگیزاو هەرگیز خۆش نەکاتەوە. ئەمە وێنای ئەلوەندە، کێ هەیە بەقەد ئازاد ئەڵوەن و باوە مەحمودو نەفتخانەی خۆش بووێ، کەچی پایزی ١٩٧٩ ئەوانەو گەنجێتیشی دەکاتە کورێژگەیەکی پێشمەرگە بەخانەقینی دەدوا، بەخانەقینیش دەکەوتە جریوە.

لەوێوە لەتیپی مۆزیکی شەهید کارزانەوە، ئێوارە خەماوییەکانی ئەلوەنی دەرژانە نێوزەنگ و (هەرزاڵێ)ی دەگەیاندە (بەرەزا)کانی بەرگەڵو. ئەوجا بانگەکەی (حاجی عەباس)ی بەسەرتۆپی خانەقیندا بڵاودەکردەوەو بانگەوازی راپەڕینی دەکرد. هەتا خانەقین بەخۆو کەواو سەڵتەی کوردەواریەوە هاتەوە نێومالی کورد، ئەوە ئازاد خانەقینی بوو کە بەگۆرانی و تفەنگ بەپەروەردەی خانەقینەوە دژایەتی درندەترین دیکتاتۆری سەرزەمینی کردو کەڵ ژیاو کەمیش ژیا.

ئەمە پەیامی خانەقین بوو، پەیامەکەی باوەگورگوریش، بەدەستە خوێناوییەکەی (کەمال عەجەم)ـەوە گەیشتە بەفری پیرەمەگرون و سلێمانی کەوتە خەمێکی پەمەیی لەئێوارە پەمەییەکەی (جمهور) دەچوو کە لەبناری خاڵخاڵان شەهیدبوو، پەیامەکە دەڵێت: بورهان عەجەم، بەتیشکێکی باوەگورگوریو گژوگیای دەم (خاسە)وە ئەویش بەرەو کاروانی نەمران باروبنەی پێچایەوەو سەفەری کرد.

ئەم دوو پەیامە، لەدوو رۆژی یەك لەدوای یەکی باوەگورگورو خانەقین گەیشتە کوردستان، ئەم وڵاتە بەتایبەت گەنجەکانی سەرتاپا لەپەژارەدا غەرق بوون، سەرتاپا بەئازارو بەخەم بوون.

بەڵام ئەوی دڵنەوایی هەموومان دەداتەوە، کوڕی خانەقین بووەوە بەئەستیرەکەی سەر ئەڵوەندو بەئاڵایەکی کوردستانەوە بووەوە بەخانەقین، عەجەمیش پەئاڵایەکی تری کوردستانەوە لەسەر کلپەو بلێسەی باوەگورگوڕ لەگەڵ کەمال و جمهورو شەهیدانی کەرکوك، بوونەوە بەجوگرافیای خوێناوی کوردستان، نەئازاد خانەقینی دەمرێ، نەکەمال عەجەمیش، هەتا بەفرو کەرکوك و ئەڵوەندو خاکی نیشتمان مابێت، ئەوان نەمرن.

دڵشاد ئەحمەد

ئەو نامەیەی دەبێت بگات!

هۆڵەندا-تیپی شانۆی بێ سنوور بەکورتە شانۆگەریی (ئەو نامەیەی دەبێت بگات) لەرۆژانی (٢٤-٢٥)ی ئەپریلدا لەگەڵ چەند گروپێکی شانۆیی و گروپێکی باڵێ دا بەشداریان لەرۆژی کلتوری شاری ئەپلدۆرندا کرد. باکۆ سۆرانی دەرهێنەری شانۆیی (ئەو نامەیەی دەبێت بگات)، لەپەیوەندییەکدا بەدواڵاپەڕەی وت: ئەم شانۆگەرییە ١٥ کارئەکتەر رۆڵیان تێدا بینیوەو ئەکتەرەکان لەکلتوری جیاجیاوە بەشداریان تێداکردوە لەوانە: کورد، روسی، مەغریبی و هۆڵەندایی. لەبەردەوامی قسەکانیدا وتی: چیرۆکی ئەم شانۆگەرییە باسی ژنێکی پەناهەندەی کورد دەکات، کەماوەی چەند ساڵێکە لەنامۆیی و لەتاراوگە ژیان دەگوزەرێنێت و هیواخوازە نامەیەك بۆ باوکی بنێرێت، بەڵام لەبەرئەوەی وڵاتەکەی کوردستانەو هیچ ناونیشانێکی نییە، تاوەکو ئێستا چەندین جار نامەکەی ناردوەو گەڕاوەتەوە بۆی. شادان هیوای ئەوەیە کەئەو نامەیەی بۆ باوکی نووسیوە بگاتە شوێنی مەبەست کەئەویش کوردستانە. بەردەوام لەهەولی ئەوەدایە ئەو خەونەی بهێنێتەدی، بەڵام زۆرجار دەبێتە گاڵتەجاری هەندێك کەس کەپێی دەڵێ وڵاتەکەی تۆ بوونی نییە!

بۆئەوەی ئەو خەونەی بهێنێتەدی شادان کۆمەڵێك خەڵکی کۆچەری ئەوانەی کەسنور ناناسن دەبینێت بۆ ئەوەی ئەوان نامەکەی بۆ بگەیەننە شوێنی مەبەست. کۆچەرییەکان نامەکە لەشادان وەردەگرن و بەڵێنی پێدەدەن کەنامەکەی بۆ بگەیەننە شوێنی مەبەست، بەڵام ئایا ئەو نامەیە دەگاتە شوێنی مەبەست یا نا ئەوە دیار نییە؟! تاوەکو ئێستا شادان لەچاوەڕوانیدایە! بیرۆکەی شانۆگەریەکە لەلایەن رزگار مونزیرو ئامادەکردنی فیۆنا سۆرانی و کاری موزیك لەلایەن حەمەی مام بەکر-ەوە ئەنجامدراوە. بریاروایە لەماوەی داهاتوودا شانۆگەریی (ئەو ناَمەیەی دەبێت بگات) لەسێ فێستیڤاڵی کورتە شانۆییدا لەشارەکانی لیواردن، ئارنهێم و هاردەڤایك بەشداریی بکات.

کامەران ئەحمەد سلێمان-هۆڵەندا

لەفێستیڤاڵی لاواندا

کچان نایانەوێت وەك کوڕان بن

هەلاڵە عوسمان

سلێمانی- دوێنێ لەدووەم رۆژی فێستیڤاڵی (با بەهرەکانی لاوان سەربەست بیشکوێت) کەرێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان لەهۆڵی دیالۆگ رێکیخستووە، لەهەردوو دیداری کەژاڵ ئەحمەد، جەمال غەمبار بۆ شیعر هەریەك لەئاسۆ قادر، محەمەد ناکام، هێمن حەمە ساڵح، ئازاد حاجی ئەحمەد، ئارام شوانی، زانا سامان، ژوان پێنجوێنی، قەدری شێرۆ شیعرەکانیان خوێندەوە.

سەبارەت بەفێستیڤاڵەکە هەلاڵە عوسمان وتی: ئەم جۆرە فێستیڤاڵانە لەهەموو شارو وڵاتێکدا کاریگەریی دەبێت لەسەر چالاکترکردنی لاوان و گەشبینم و حەزدەکەم ئەوە بڵێم فێستیڤاڵ ساڵی جارێك نەکرێت، بەڵکو ساڵانە چەندکارێك رێکبخرێت ئەمەش بۆ چالاکتربوونی لاوان و قەڵەم و نووسینی لاوان بەهێز دەکات، هەروەها گرۆتینی لاوان زیاتر بەرجەستە دەبێت.

خاڵێکی سلبیش کەدەمەوێت بیڵێم ئەویش کەمی کچانە لەنێو فێستیڤاڵەکەدا تەنها یەك کچ ئەویش لەکێبرکێی چیرۆك خوێندنەوەدایە کەدەیگێڕمەوە بۆ کەمتەرخەمی کچان کەنایانەوێت وەك کوڕان دەرکەون.

داستان و کۆسار

ترس و رێگر ناهێڵن سیدییەکەی بڵاوببێتەوە!

سلێمانی-لەساڵی ١٩٨٨ گروپی موزیکی دیلان-یان دامەزراند، دوای گەشەکردنی گروپەکە چەند گۆرانییەکیان تۆمارکرد، دواتر ئەو لەساڵی ١٩٩١ دەچێتە هەندەران و لەوێ لەهونەر دادەبڕێت تاساڵی ١٩٩٥ دەگەڕێتەوە کوردستان و دوو گۆرانی بەناوی (چەپکێك زامی ماڵئاوایی، کۆچ) تۆمار دەکات، لەساڵی ١٩٩٧ لەهەندەران چەند کارێکی نوێی هونەریی ئەنجامدەدات، لەوانە تۆمارکردنی گۆرانی (یاران) کە ئەلبومی ٢٠٠٤ی یارانی بەناوەوە بوو، سەرکەوت سەعید ئەوکاتەی کە لەهۆڵەندا دەبێت لەگەڵ ژنێکی هۆڵەندی بەناوی (نانا)دا کەژەنیاری ئامێری قیچ بوو گروپێکی موزیکیان دامەزراندو چەندین کۆنسێرتیان لەشارەکانی هۆڵەندا رێکخست، هەروەك سەرکەوت خۆی ئاماژەی پێکرد: نانا هەستێکی زۆر جوانی لای ئەو دروستکرد، بەوەی ئامێری قیچ و موزیکی کوردی تێهەڵکێش دەکرد، لەساڵی ٢٠٠٢ بەدواوە سەرقاڵی ئەلبوومی یاران دەبێت و تاساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکرایەوە.

سەرکەوت زۆر گەشبینە بەرامبەر بەگۆرانی کوردی، چونکە بەبۆچوونی ئەو هەوڵدانی باش هەیەو کاری باشیش دەکرێت، بەڵام هەروەك خۆی وتی: ئێمەش وەکو هەموو میللەتانی دنیا بێبەش نین لەو کارە خراپانەی کەدەکرێن.

سەرکەوت زۆر بەکەمی بەشداریی ئەو ئاهەنگە کوردییانە دەکات کە لەدەرەوە رێکدەخرێت، چونکە ئەو حەز دەکات کاتێك کەگۆرانی دەڵێت خەڵك گوێی بۆ شل بکەن و گوێی لێبگرن، نەك گوێ بۆ ریتم و ئیقاع بگرن و لەهەڵپەڕکێ بەشداریی بکەن.

بەبۆچوونی سەرکەوت دەبێت کاتێك کەگۆرانبێژەکە گۆرانییەکی رۆمانسی دەڵێت بەشێوەیەك کاری لەناخی کردبێت کە بەروخساریەوە دیاربێت، بەپێچەوانەشەوە واتا چۆن گۆرانیبێژێك گۆرانییەکە دەڵێت دەبێت ئەوەندەش بەتوانا بێت بۆ رۆڵبینین و ئەکتەری، بۆ بەرجەستەکردنی هەست و گوزارشتکردن لەو وشانەی کە لەهۆنراوەکەدا هەیە.

لەکۆتاییدا سەرکەوت کەئێستا لەوڵاتی بەریتانیا دەژی، وتی: ئێستا ئەلبوومێکی گۆرانیم ئامادەیە، بەڵام ترس و رێگر زۆرن بۆ بڵاوکردنەوەی.

یونس حەمەد

ئەستێرەکان و سەگەکانیان

هەردوو گۆڤاری (The New York Dog)و (The Hollywood Dog) لەئەنجامی راپرسییەکانیاندا ئەوەیانراگەیاند کەئەستێرەی بەناوبانگی هۆلیوود جۆس ستۆن باشترین کەسە لەناو ئەستێرەکانی تری هۆلیوددا لەبەخێوکردنی سەگەکەیدا و بەمەش بەباشترین خاوەن سەگ لەقەلەمدراوە.

ماوەتەوە بڵێین کەسەگی ئەم ئەستێرانە جیاوازترە لەسەگی خەڵکانی دیکە بەوەی نرخیان گرانترەو مەسرەفیشیان زۆرە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەدایە کەسەگەکانیان باشترین هاوڕێی ژیانیانەو زۆرجاریش لەمەترسی و هەڕەشە دەیانپارێزێت.

تارا هیوا

لەگۆڤاری Maxی ئەڵمانییەوە

کیمیاباران لەخۆشناوەتیدا

باليسان- شانزەی چوار ساڵنامەیەکی تایبەتەو هەموو ٤/١٦ دەردەچێت، ئەمساڵیش ئەم ساڵنامەیە لەیادی کارەساتی کیمیابارانکردنی باليساندا بەدوانزە لاپەڕەوە کەنووسین و رپۆرتاژو دەقی شیعری تایبەت بەو مەرگەساتەی لەخۆگرتووە چاپ و بڵاوکرایەوە، لەگەڵ چەندین وێنەی برینداران و شەهیدانی ئەو مەرگەساتەو وێنەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی بۆ ناوچەکە ئەنجامدراوە.

هاوکات لەگەڵ شانزەی چواردا کتێبی کیمیاباران لەخۆشناوەتیدا هەوڵێك بۆ بەمێژووکردن لەئامادەکردنی محەمەد جەمال، کەریم عەبدوڵلا، ساڵح ئەکرەم و بەتیراژی ٥٠٠ دانەو بەژمارە سپاردنی ٢٣٨ی وەزارەتی رۆشنبیریی چاپ و بڵاوکرایەوە.

لارا

جگە لەسەروتار، هەموو ئەو نووسینانەی بڵاو دەکرێنەوە، بیرو بۆچوونی خاوەنەکانیان دەردەبڕنو **کوردستانی نوێ** لێیان بەرپرسیار نییە